# ليبراليزم

مەجيد سالح

## زاراوەو مێژوو:

زاراوەی ليبراليزم Liberalism لە سەدەی(14)ی‌زایینیەوە بەكاردەهێنرێت و بە مانای ئازادی‌خوازی دێت. بەڵام چەندین ماناو لێكدانەوە هەڵدەگرێت. Liberalism لە وشەی ليبر "Liber"ی لاتینی كە بەمانای چینی پیاوانی ئازاد(واتە ئەوانەی كە نە كۆیلەن ونە جوتیار) دێت وەرگیراوە. هەرچەندە ليبراليزم دیاردەیەكی مۆدێرنە، بەڵام ڕەگوریشەی دەگەڕێتەوە بۆ لای دیموكراسیەتی گریكەكانی سەدەی پێنجەمی پێش زاین وتەنانەت لای پرۆتستانەكانی ئایدی‌مەسیحیش. بەڵام ليبراليزم بە مانا سیاسیەكەی بۆ یەكەم جار لە ئیسپانیا و لە سەدەی 19ی زایینیدا دەركەوت ولە چلەكانی ئەوسەدەیەشدا لە هەموو ئۆروپا بە شێوەیەكی بەربلاو بە كاردەهێنرا. هەرچەندە دواتر بریتانیا بوو بەشوێنی یەكەم حكومەتی ليبرالی لە دونیادا كە حكومەتەكەی گلادستۆن بوو لە ساڵی1868، بەڵام ئەو ڕەوتە زۆر بەخاوی لە وڵاتەكەدە بلاوبووەوە ا. ليبراليزم ڕەوتێكی فكری وفەلسەفی سەرمایەدارییە وپاش هەرەس هێنانی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە ئۆروپا وردەوردە پێگەی خۆی لە كۆمەڵگا نوێیەكەدا كردەوە، ليبراليزم لە ڕێگەی چینی ناوەڕاستەوە كاردەكات بۆ دابینكردنی ئازادی تاك وەك خواستێكی بنەڕەتی لە سیستەمی حوكمڕانیدا. ليبراليزم پێی وایە تاكەكانی كۆمەڵگا دەبێت ئازاد ویەكسان بن دووربن لە هەموو گوشارێكی دەرەكی‌و هەر خۆیانیش شێوەوشێوازی كۆمەڵگاو دەسەڵاتی بەڕێوەبردن دەستنیشان بكەن. ليبراليزم لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئاینی ودواتر لە بەرامبەر دەسەڵاتی حاكمە زاڵمەكاندا دەركەوت. ليبراليزم وەك ئایدۆلۆژیایەكی سیاسی لە كۆمەڵگای مەدەنیەوە هەڵقولاً بۆ سنورردانان بۆ دەسەڵاتی ڕەهای فەرمانڕەواكان. بۆ گەیشتن بەو خواستانە ليبراليستەكان تەنانەت باوەڕیان بە گۆڕانی شۆڕشگێرانەش هەیە، وەك چۆن لە شۆڕشی بریتانیا لە سەدەی 17 وشۆڕشی ئەمریكا  وفەرەنسادا لە كۆتایی سەدەی هەژدەیەم ڕوویدا. سەدەی نۆزدەیەم لە هەموو ڕووەكانیەوە بە سەدەی ليبرالەكان ناودەبرێت،  لە پێناسەی ليبراليزمدا سادەترین پێناسەپێناسەكەی بیرمەند"موریس كرانستۆن"ە كە دەڵێت (كەسی ليبرال ئەوكەسەیە باوەڕی بە ئازادی هەیە).

## بۆچوونە سەرەكیەكانی ليبراليزم:

1. بەدبینی بە دەسەڵات: ليبراليزم كاردەكات بۆ كەمكردنەوەی دەسەڵاتی ڕەهای حكومەت لە چەند ڕێگەیەكەوەلەوانە:

1-1. لە ڕێگەی دیموكراتیزەكردنی حكومەت،حكومەتێكی دیموكرات دەتوانێت ئازادی ویەكسانی‌دابین بكات بۆ هاووڵاتیانی. بە بۆچوونی ليبرالەكان دەبێت لە ڕێگەی یاساوە دەسەڵات وتواناكانی دەوڵەت كۆنترۆڵ وچاودێری بكرێت.

1-2. لێبوردەیی ویەکترقەبوڵکردن: گرتنەبەری سیاسەتێك کە ئازادی ویژدان ولێبوردەیی ویەکتر قەبوڵکردنی لێبکەوێتەوە. هەوڵدان بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە سەر رووداوو پێشهات وگۆڕانکارییەکانی دونیا.

1-3. رەتکردنەوەی باوکسالاری: دەستنیشانکردنیشێوازی ژیان پەیوەندی بە خودی هاوولاٌتیانەوە هەیە ونابێت حکومەت لە رێگەی گوشارو زۆرەوە مۆدێلێکی ژیان بە سەر هاوولاٌتیاندا بسەپێنێت. تاکەکانی کۆمەڵ دەبێت بپارێزرێن لە دەسەلاٌتی سەپاندنی حکومەت.

2. جیاکردنەوەی دەسەلاٌتەکانی بەرێوەبردن ویاسادانان وقەزایی لە یەکتر: تێزی جاکردنەوەی دەسەلاٌتەکان لە یەکتر بۆیەکەم جار لەلایەن"دونت مونتسیکۆ" قسەی لەسەرکراو دواتر بووبە خواستێکی سەرەکی لیبرالەکان. هەرچەندە ئەم تێزە لە زۆربەی ولاٌتانی دونیادا بوەتە بەندێك لە دەستور، بەلاٌم زۆربە کەمی جێبەجێکراوە. بەبیٌ ئەم تێزە دیموکراسیەت ناکرێت باسی لێوەبکرێت.

3. دەسەلاٌتی یاسا: لیبرالەکان پێیان وایە لە حکومەتی مەشروتە "یاسا" "شا"یە ولە حکومەتی تۆتالیتار "شا" "یاسا"یە.پێویستە هەموو هاولاٌتیان لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بن.بەلاٌم پێویستە یاساکان لە سەر بنەمای مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ داڕێژرابن، بە مانایەکی تر دەبێت یاساکان دادپەروەرانە بن ویەکسانی وئازادی هەموو هاوولاٌتیان بە رەسمی بناسێت.

4. تاکگەرایی: لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا تاك وەك بەشێك لەو کۆمەڵگاو خێزانەی کە تێدا دەژیا تەماشا دەکراو هیچ تایبەتمەندییەکی خۆی نەبوو. نەتواناکانی لەبەرچاو دەگیراو نە رێگەی پێدەدرا لەو چوارچێوەی کە بۆی دەستنیشانکرابوودەرچێت. تاکەکان یەك ناسنامەی هاوبەشیان هەبوو کە ناسنامەی کۆمەڵگاکەیانە. نەوە لە دوای نەوە ئەو چەوسانەوەو خەساندنەی تاك بەردەوام بوو. بەلاٌم لیبرالەکان پێیان وابوو پێویستە تاکەکانی کۆمەڵ لە دەسەلاٌت وزەبروزەنگی حکومەت وئاین وکۆمەڵگا بپارێزرێن و سەربەخۆیی خۆیان بۆ دابین بکرێت. دەبێت هەلی دەرخستنی تواناو لیهاتوییەکانی تاك برەخسێنرێت ومافی ئەوەی بۆ دیاری بکرێت ئەو ژیانەی کە خۆی حەزی لێیەتی بژی. جۆن لوك وئەمانوئیل کانت لەو فەیلەسوفە لیبرالانە بوون کە داوایان دەکرد "مافە سروشتیەکانی مرۆڤ" کە (ئازادی وژیان وخاوەنداریٌتیە) بگەرێتەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا. بەلای لیبرالەکانەوە تاك لەپێشترە تا کۆمەڵگا..کۆمەڵگا لە تاکەکان پێك هاتوە، گەر کۆمەڵگایەك تاکی تەندروستی نەبێت بیٌ گومان ئەو کۆمەڵگایە تەندروست نابێت.

5. ئازادی: پاراستنی ئازادیە بنچینەییەکانی وەك ئازادی بیرکردنەوە ورادەربڕین و ئازادی ئاین وباوەڕ، لە داخوازیە سەرەکییەکانی لیبرالیزمە. زۆرکەس پێیان وایە ئازادی سەرەکیترین خواستی لیبرالیستەکانە. بەجۆرێك گەرهاتوو ئازادی لە گەڵ هەربۆچوونێکیتردا تەعاروزی کرد لیبرالەکان ئازادی پەسەند دەکەن. لیبرالیزم داوا دەکات ئازادییەکان تا ئەوپەری توانا فراوان بکرێن بەو مەرجەی لە ئازادی خەڵکی ترکەم نەکاتەوە ، ئازادی کەسێك لەوەوە دەست پێدەکات کە ئازادی ئەوانی تر لەبەرچاو بگرێت . هەروەها کۆبوونەوەی دەسەلاٌت لە یەك جێگە بە گەورەترین هەرەشە دەزانن بۆ سەر ئازادی. پێویستە مافەکانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا رێزی تەواوی لێبگیرێت. نابێت مرۆڤ لە سەر ئەساسی نەتەوەو رەنگ وباوەڕ و نەژاد بچەوسێنرێتەوە. بۆچوونەکانی "کانت"، "دیڤید هۆم"و" ئەمانوئیل کانت"و ژان ژاك رۆسۆ"بە شێوەیەکی پتەو کاریگەری هەبوو لە سەر فکری لیبرالیزم. بە تایبەتی ئەو وتە بەناوبانگەی رۆسۆ کە

دەڵێت:" مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێت، بەڵام ئەو سیستەمی پەروەردەیەی كە بەڕێوەی دەبات بە چەندین كۆتی كۆمەڵایەتیدەیبەستێتەوە". لیبرالیستەكان ئازادی بە مەرجێكی سەرەكی دەزانن تاكو تاكەكان بتوانن پەرەبە تواناكانیان بدەن.

6. دادپەروەری: بە مانای یەكسان بوون لە بەرامبەر یاسا، رەخساندنی هەلی یەكسان بۆ هەموو تاكێك وبە یەكسانی وەستان لە بەردەم دادگاكاندا. دادپەروەری لای لیبرالەكان واتە هەركەسێك ئەوەی كە شایەنیەتی پێی بدرێت. دادپەروەری كۆمەڵایەتیش واتە دابەشكردنی بەرژەوەندییە مادیەكان لە كۆمەڵگا وەك كرێ وقازانج ودابین كردنی پێداویستیەكانی وەك نیشتەجێبوون وچاودێری تەندروستی..هتد.

تیۆری دادپەروەری لای لیبرالەكان وادەخوازێت بە شێوەیەكی پتەو دەبێت حكومەت یەكسانی دابین بكات بۆ تاكەكان. لیبرالەكان تێروانینێكی یەكسانیان بۆ هەموو مرۆڤەكان هەیە وگوێ بە وڵات وكشوەرو رەنگ ونەژاد نادەن وپێیان وایە هەموو مرۆڤێك لە مافێكی رەواو سەلمێنراوی هەیە و هیچ كەس هیچی لە كەسێكی تر زیاتر نییە و هەموو تاكێك ئەو مافەی هەیە كەوا هەوڵبدات بارودۆخی ژیانی باشتربكات ولە پلەكانی ژیاندا سەركەوێت .

7. عەلمانیەت: جیاكردنەوەی دین ودەوڵەت لە یەكتر. واتە قەبوڵ نەكردنی حكومەتی ئاینی وئاینی حكومەتی. پێویستە ئەو یاسایانەی كە حكومەترانی پێ دەكرێت وژیانی مرۆڤەكانی پێ رێك دەخرێت، هەڵقوڵاوی ژیانی حەقیقی كۆمەڵگاكانیان بن. پێویستە یاساكان هەڵقوڵاوی دەقە كۆنەكان وكتێبە ئاینیەكان نەبن. لیبرالیزم دژی ئاین نییە، ئازادی ئاین یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكانی لیبرالیزم. ئەمەش پێچەوانەی ماركسیە ئەرتەدوكسەكانە كە ئاین بە تەواوەتی رەد دەكەنەوە وبە تریاكی گەلانی دەزانن. لیبرالەكان پێیان وایە هەموو تاكێك بۆی هەیە ژیانی تایبەتی خۆی بەو شێواز وئاینەی كە باوەڕی پێیەتی رێك بخات، بەڵام یاسا مەدەنییەكان نابێت پشت بە هیچ ئاین ومەزهەبێك ببەستن. وەك ئاشكرایە یاسایەك لە سەر بنەمای شەریعەت ویاسای ئاینی داڕێژرابێت ناتوانێت ئازادییەكانی ئاین ومەزهەب وبۆچوونەكانی تر قەبوڵكات.

8. سەرمایەداری: لیبرالەكان باوەڕی تەواویان بە خاوەندارێتی تایبەت وبازاڕی ئازاد هەیە.پێیان وایە نابێت حكومەت بە هیچ شێوەیەك بواری بازرگانی وپیشەسازی وڵات بەڕێوەببات، چونكە هەركاتێك حكومەت خۆی لە كاروباری بازاڕو ئابوری وڵاتەكەدا هەڵقورتاند زیان بە بەرژەوەندی تاكەكانی كۆمەڵدەدات. "ئادەم سمیس1723-1790" بە گەورەترین تیوریزانی ئابوری لیبرالی لە قەڵەم دەدرێت.سمیس پێی وایە"تاكە بزوێنەری مرۆڤ ،هەموو هەڵسوكەوتە خۆ كردیەكانی لە پێناوی بەرژەوەندیەكانی خودی خۆیدایە و بۆ رازی كردنی ناخی خۆیەتی..ئابوری وەك شتەكانی تر خاوەنی یاسای خۆیەتی، یاسای خستنەروو خواستن (عرض وطلب) ئابوری بەرێوە دەبات".سمیس پێی وایە ئەگەر حكومەت رێگەبدات ئەویاسایە رێچكەی خۆی بگرێت ئەوا ئابوری وڵات بە باشترین شێوە بەڕێوە دەچێت ولە بەرژەوەندی هەموو كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەبێت. وەك نمونەیەك سمیس باس لەوە دەكات كەوا قەساب ونانەوا كاتێك گۆشت ونان بۆ ئێمە دابین دەكەن لە بەر ئەوەنییە بەزەییان بە ئێمەدا دێتەوە تاكو تەندروستمان خراپ نەبێت، بەڵكو ئەوكارە بۆ قازانج وبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەكەن.. لەبەرامبەریشدا كڕیار كاتێك لە بازاڕ كاڵایەك دەكرێت بۆ ئەوەنییە خزمەت بە بازرگانەكەیان بەرهەمهێنەكە بكات، بەڵكو لە بەرئەوەیە پێویستی بەو كاڵایە هەیەو توانای كڕینیشی هەیە.

9. کۆمەڵی مەدەنی: لیبرالیزم پشت بە دروستکردنی کۆمەڵی مەدەنی دەبەستێت پێی وایە کۆمەڵگاکان دروستکراوی خودی مرۆڤن . ئێمە دەزانین کۆمەڵی مەدەنی بریتیە لە تۆڕێك لە ڕێکخراوی ناحکومی وئەنجومەن وسەندیکا وکۆمەڵەی سەربە خۆ کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە حکومەت ودام ودەزگاکانیەوەنیە ولە سەربنەمای سەربەخۆیی سیاسەت وکارەکانی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا ڕێکخستوە ولە ڕێگەیانەوە هاووڵاتیان گرێ دەدرێنەوە بە مەسەلە گشتیەکانی کۆمەڵگاکەیانەوە. کومەڵگا دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوانەوە کە بە ڕێکخراوە (N.G.O)کان ناسراون خۆی ڕێك خات وبە شێوەیەکیبەرچاو کاریگەری لە سەر سیاسەت وبەرنامەکانی حکومەت بەجێبهێڵێت.

10. پلۆرالیزم: لیبرالیزم جەخت لەسەر پاراستنی فرەیی دەکات لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا و دژی یەکخستن و خڕبوونەوەی دەسەلاٌتە لە یەکەیەکی پتەو وبەهێزدا.ئەزموونی دەسەلاٌت دارێتی سەدەی بیستەم ئەوەی بەروونی دەرخست کە تەنیا لیبرالیزمە دەتوانێت ڕێگە بۆ زۆرترین بۆچوون برەخسێنێ تاکو خۆیان دەرخەن. هەموو سیستەمە فکری کۆمەلاٌیەتیەکانی وەك کۆمەنیزم، فاشیزم ، نازیزم ، تالیبانیزم وبەعسیزم کە لە سەر بنەمای تاك ڕەوی و یەك شێوەو شێواز دامەزرابوون هەرگیز نەیانتوانی ئەو بەرنامەیەی کە دەیانویست بیسەپێنن ببێتە مایەی ڕەزامەندی هەموو کۆمەڵگا. لەسیستەمی فرەییدا کە خواستێکی لیبرالیستەکانە، تاکەکان دەتوانن ئەفراندن بکەن و لە ڕێگەی دیالۆگ ووەرگرتن وناردنی پەیامەوە بگەنە دەر ئەنجامێکی عەقلانی.

11. عەقلانیەت: بنەمای فەلسەفی لیبرالیزم لە سەر ئەوە دانراوە کەوا هەموو مرۆڤەکان خاوەنی عەقڵ و هۆشی خویانن. عەقڵیش دەتوانێت ئازادی بۆ مرۆڤایەتی دابین بکات، لە بەرامبەریشدا مرۆڤەکان تەنیا لە سیستەمێکی ئازاددا دەتوانن بە پێی عەقڵی خویان ئەو ژیانەی کە دەیانەوێت بۆ خۆیان بسازێنن. عەقڵ وئازادی بیرکردنەوە دووڕووی یەك دراوون و بێ یەك نرخیان نابێت. لیبرالەکان پێیان وایە مرۆڤ گەر ئازادیت لێ زەوت کردن، واتە ڕۆڵی عەقڵی ئەوانت بە کەمزانیوە، بە پێچەوانەشەوە کاتێك توانای عەقلاٌنیەتی مرۆڤەکان پشت گوێ دەخرێت، واتا ئازادی لێ زەوت دەکرێت. یەکێك لە شتە هاوبەشەکانی مرۆڤەکان عەقڵە، ئێمە لە ڕێگەی عەقڵەوە دەتوانین کۆمەڵگاکانمان بەختەوەر بکەین.

### لیبرالیزمی فکری:

سەدەی حەفدەیەم وهەژدەیەم لە ئۆروپادا بەسەدەی ڕۆشنگەری ناسراوە. دەیان فەیلەسوف هەبوون داوای ئەوەیان لە خەڵك دەکرد" جورئەتی زانینت هەبێت"، ئەوەش گرنگترین دروشمی لیبرالیزم بوو.هەموو بۆچوونەکانی لیبرالیستەکان لە ڕووی مەعریفی وهیومانیزمەوە هەڵقوڵاوی ئەو دروشمەن."پشتکردن لە عاتیفەو ڕووکردنە عەقڵ" کە دروشمێکی تری لیبرالیستەکانە دیسانەوە هەڵقوڵاوی ئەو دروشمەی سەرەوەیە. لیبرالیزمی فکری لەباوەڕەوە دەستیپێکرد کە"ئایا هیچ کەس ئەو مافەی هەیە وا بزانێت هەموو ڕاستیەکان لای ئەوەو خەڵکی تر دەبێت تەسلیمی بۆچوونەکانی ئەو بن؟" ئایا هەمووان وەك یەك مافیان هەیە، یان ئەو مافانە تەنیا لە بەر پلەو پایەی ئاینی هی کۆمەڵە کەسێکە وبەس؟ ئایا شتێك هەیە تێگەیشتنی بۆ خەڵکی تر سەختە وتەنیا کۆمەڵێکی دیاری کراو مافی زانینیان هەیە؟ لیبرالەکان لە ڕێگەی خستنە ڕووی ئەو پرسیارانەوە توانیان ئەوە بسەلمێنن کەوا ڕاستی تەنیا لای کۆمەڵە کەسێکی دیاری کراو نییەو زانستیش بۆ چین و توێژێکی تایبەت نییەو هیچ بۆچوون وباوەڕێك پیرۆز نییەو هەموو دەبێت بخرێنە

ژێر پرسیارەوە ..دەبێت بۆچوون وباوەڕەکان لێکۆڵینەوەیان لە سەربکرێت نەك پێیاندا هەڵبدرێت. ئالێرەوە لیبرالیزمی فکری خۆی ناسان .لیبرالیزمی فکری هەوڵی دەدا مرۆڤ لە شەڕی گۆمی ومەنگی مەسەلە نا تەحلیلیەکان دەرباز بکات. لیبرالیزمی فکری هەوڵێکە بۆ ئازاد بوونی مرۆڤ لەو دەسەڵاتانەی کە لە رووی تیوری وپراکتیکەوە کۆمەڵگاکانیان کۆنترۆڵ کردبوو. بەلای لیبرالیزمی فکرییەوە مرۆڤ نابێت لە بەر بیروبۆچوونەکانیەوە لە مرۆڤایەتی بێ بەش بکرێت و مرۆڤ بوون جیایە لە بیروبۆچوون.

## لیبرالیزمی سیاسی:

لە روانگەی فەلسەفەی سیاسیەوە، لیبرالیزم واتەفەلسەفەی فراوانکردنی ئازادی تاك لە کۆمەڵگا تا ئەو رادەیەی دەکرێ. لە دیدی لیبرالیستەکانەوە تاك لە پێشەوەی کۆمەڵگاو بەرژەوەندی تاك لەسەروی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتیەوەیە. بەڵام ئەو "ئازادی تا ئەو رادەیەی دەکرێت" نابێت لە سەر حسابی ئازادی کەسانی تر بێت. بە مانایەکی تر ئازادی دەبێت بێ کۆت ومەرج بێت ، بەڵام دەبێت بەرپرسیارێتی لە گەڵدا بێت ونابێت دەسەلات لە یەك جێگەدا کۆبێتەوە، چونکە زۆرترین لەو رێگەوە لە ئازادی تاك دەکەوێت. لە راستیدا لیبرالیزم بە تەنیا ئایدۆلۆژیایەك نییە، بەڵکو شێوازێکی ژیانە وپێویستی بەوە هەیە لەوڵاتێکدا جێبەجێبکرێت دین ودەوڵەت لێك جیابن وبازاڕ ئازاد بێت وململانێی تاکەکان بۆباشترکردنی ژیانیان زەمینەی بۆ خۆشکرابێت. لە روانگەی بۆچوونەکانی لیبرالیستەکانەوە هیچ دەسەڵاتێك لە سەرووی هەموشیانەوە دەسەڵاتی ئاینی وسیاسی پیرۆز نین و ئەوانیش بەبەردەوامی دەبێت بخرێنە ژێر پرسیارەوە. لیبرالیزمی سیاسی هەر لە سەرەتاوە دەستی دایە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی بەرفراوانی کلێسا و پادشاکانی ئۆرووپا کە دەسەڵاتی هەردوو دونیاکەیان بۆخۆیان پاوانکردبوو.خواستی لیبرالیستەکان سنوردارکردنی دەسەڵاتە رەهاکانی ئەو دوانەبوو لە رێگەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کە رێکەوتنێکە لە نێوان دەسەڵات وهاووڵاتیان،پاشان ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیە لە رێگەی یاساو دەستوورەوە دەخرێتە بواری پراکتیکەوە و رۆڵی دەوڵەت تەنیا وەك دامەزراوێك دەمێنێتەوە بۆ رێکخستنی ژیانی هاووڵاتیان. خەباتی چینایەتی وئاینی وحزبی لە ئامانجە هەرە گرنگە سیاسییەکانی لیبرالیزمە بۆگەیشتن بە مافەکانی ئەوانەی لە پشتی ئەو خەباتکردنەوەن.

## لیبرالیزمی ئابوری:

پاش هەرەس هێنانی سیستەمی دەرەبەگایەتی وپێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەرهەم هێنان وزۆربوونی کالاً وفراوانبوونی بازاڕەکان ودۆزینەوە وداگیرکردنی ولآتانی ئەفریقاو ئەمریکای لاتین وئاسیا وزۆربوونی ژمارەی شارو گوندەکان وژمارەی دانیشتوانی جیهان، خاوەن بەرهەم وبازرگانەکان پێویستیان بە دووشتی سەرەکی هەبوو تاکو بتوانن زۆرترین قازانج بۆخۆیان مسۆگەربکەن. یەکەمیان کەمکردنەوەی رادەی خۆتێهەڵقورتانی دەسەڵات بوو لە مەسەلە ئابووریەکان ودووهەمیشیان دابینکردنی ئەمنیەت وئاسایش بوو بۆ هێنان وبردنی کالآکانیان. لەو سەردەمەدا پادشاکان وپیاوانی ئاینی لە رێگەی هێز ویاساوە بەشێك لە قازانجی سەرمایەدارەکانیان بۆخۆیان دەبرد وئەوانیش ناچاردەبوون ملکەچی ئەو زوڵم وزۆرە بن. بەڵام ئەم شێوازە نەیتوانی درێژە بکێشێت .. ئەوەبوو چەندین ئابووریزانی گەورەی وەك ئادەم سمیس ودیڤید ریکاردۆ داوایان کرد پێویستە دەستی دەسەڵات کورت بکرێتەوە لە بەرێوەبردنی ئابووری ولە رێگەی وتەیەکی بەناوبانگی"رێگەی بدە با بڕوات، ریگەی بدە با کاربکات". لیبرالیستەکان یەکەم کەسن زانستی

ئابوری سیاسیان هێنایە ئاراوەو، پێیان وابوو ئابوری کاتێك دەگاتە لوتکەی گەشەکردن کە حکومەت دەستی تێوەرنەدا. ئابوری بازاڕی ئازاد کە خواستێکی لیبرالیستیە بە درێژایی چەندین سەدە بوەتە باوەڕێکی ئابووری وزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا پەیڕەوی لێدەکەن.

## لیبرالیزمی کلاسیکی و لیبرالیزمی نویٚ

بریتیە لە کۆمەڵێك سیاسەتی ئابوری وبۆ نزیکەی 25 ساڵە قسەی لەسەر دەکرێت. هەرچەندە بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە لە ئەمریکا زۆربەدەگمەن بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە راستیدا کاریگەریەکەی لەویٚ لە هەموشوێنێکی دونیا زیاتر هەست پێدەکرێت. لیبرالیزم زۆربە ئاسانی دەتوانێت ببێتەبەرنامەیەکی سیاسی وئابوری وتەنانەت ئاینیش. لیبرالیزمی سیاسی لە ئەمریکا بەرنامەیەکە بۆ خاوکردنەوەی ململانێی کۆمەڵایەتی، لیبرالیزمی سیاسی بوەتە ئایدۆلۆژیایەك تاکو چینی ناوەڕاست لە رێگەیەوە لە بەرامبەر رەوتی راست رەو وسەرمایەداری محافزکار بوەستن. بەڵام لیبرالیزمی ئابوری جیاوازە. تەنانەت راست رەوە موحافزکارەکانیش پێیان وایە کێشەیەکی ئەوتۆیان لە گەڵ لیبرالیزمی ئابوریدا (بە تایبەتی لیبرالیزمی نوێدا) نییە.

کاتێك دەوترێت (لیبرالیزمی نویٚ)، واتا (لیبرالیزمی کلاسیك)یش هەیە ،کەواتە لیبرالیزمی کلاسیك چییە؟ پێشتر باسی ئادم سمیس وبۆچوونەکانیمان لە مەڕ ئابوری ئازاد کرد. ئادەم سمیس وهاوڕێکانی داوایان دەکرد نابێت حکومەت خۆی لە ئابوری وڵاتدا هەڵقورتێنێت وپێویستە هیچ سنورێك بۆ بەرهەم هێنان وهیچ لەمپەرێك لەبەردەم بازرگانی وهیچ تەعریفەیەك لەسەرکاڵا دانەنرێت. دەیانووت باشترین رێگە بۆ پێشکەوتنی وڵات بازاڕی ئازادە. ئەم شێوازی ئابوری لیبرالیزمە لە ساڵی 1800 تاکو سەرەتای1900 درێژەی کێشا. بەڵام پاش تەواو بوونی جەنگی جیهانی یەکەم وپەرەسەندنی بیری سوسیالیزم لە زۆربەی وڵاتاندا وپاش ئەو داتەپینە ئابورییە گەورەیەی جیهان لە ساڵی 1929 وگۆشاری زیاتری خەڵکی دەنگدەر بۆ باشکردنی ژیانیان، ئابوری زانانی خستە بەردەم پرسیارێکەوە کە ئاخۆ ئەم شێوازی ئابورییە ئەتوانرێت لە گەڵ هەلومەرجی ئێستای جیهاندا بگونجێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسارەدا ئابوری زانێکی وەك "جۆن ماینارد کینز" خاوەنی کتێبی ( تیوریەکی گشتی سەبارەت بە دەستیکار وبەرژەوەندی وسەرمایە) تیوریەکی دانا و گومانی لەوە هەبوو کە لیبرالیزم باشترین سیاسەتی ئابوری بێت بۆ سەرمایە داری. "کینز" هێرشێکی توندی کردە سەر ئەو بازاڕەی کە بە شێوەی زاتی دەچێت بەرێوە و پێی وابوو دۆزینەوەی کار بۆ هەمووان بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری پێویستە، ئەوەش تەنیا بەوە دێتە دی کە حکومەت وبانکە ناوەندیەکان کار بکەن بۆ دۆزینەوەی کار بۆ بیکاران. بۆیە پێویستە حکومەت لە رێگەی هەندێك کاری وەك دروستکردنی قوتابخانەو پرد ونەخۆشخانە بدات و لەو رێگەوە هاوسەنگیەك لە بازاڕدا دروست بکات."کینز" دەڵێت بازاڕ ئەوکاتە زیاتر گەشە دەکات کە خەڵك توانای کڕینی کاڵایان هەیە، بۆیە کاتێك حکومەت قوتابخانەیەك دروست دەکات وسەدان کرێکار تێدا کار دەکەن ئەو کرێکارانە لەو پارەیەی کە دەستیان دەکەوێت دەتوانن شت بکڕن ئەو کڕینەی ئەوان دەبێتە هۆی زۆربوونی بەرهەم هێنان وپەرەسەندنی بازاڕ.بۆچوونەکەی کینز بە واتای گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەت بۆ ناوئابوری وڵات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. ئەم تیورییە تا رادەیەکی زۆر کاریگەری دانا لە سەر باشترکردنی ژیانی خەڵك وبووە هۆی بتەو بوونی ئەو باوەڕەی کە دەبێت حکومە لە پێناوی بەرژەوەندی وباشترکردنی ژیانی هاووڵاتیان هەنگاو هەڵنێت. تیورییەکەی کینز

بەدرێژایی ساڵانی پاش جەنگی جیهانی دووهەم وبگرە تا کو حەفتاکانی سەدەی رابردوو بوە هۆی پێشخستنی وڵاتانی رۆژئاوای سەرمایەداری بە شێوەیەك کە توادیخۆشگوزەرانی کومەڵایەتی زۆر بۆ هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە دابین کات. بەڵام لە دوایحەفتاکانەوە ئەو خەرجیە زۆرانەی کەحکومەت دەیکرت کاریگەری کردەسەر کەم بوونەوەی گەشەسەندنی ئابوری رۆژئاوا، ئەوەش وای لە ئابوریزانەکان کرد بگەڕێنەوە بۆ بوژانەوەی تیۆرییە کلاسیکیەکانی ئابوری.

**سەرچاوەکان:**

- ليبراليسم ومحافظ کاری ....**حسین بشیریه**
- **لیبرالیسم چیست؟....مهدی محمودیان**
- **سایتی باشگاه اندیشه**.. محافظ کاری قدیم وجدید **در امریکا**..نعمت الله مظفر **پۆر**
- **اسلام اونلاین... الیبرالیه ایدولوجیا مراوغه افسدها راس المال**